# دەسەڵاتی ترس و تۆقاندن

یاسین بانیخێلانی

دەسەڵاتی ترس و تۆقاندن ئەو دەسەڵاتەیە لەسەر سزادانی جەستە کار دەکات، بەم پێیە ئەو دەسەڵاتە جگە لەترس و تۆقاندن و مەرگ لەرێگای مۆنۆپۆلیزەکردنی کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگاوە ناتوانێت هیچ شتێکی تر بەرهەم بهێنێت. کارکردنی دەسەڵات لەسەر سزادانی جەستە یەکێکە لەترسناکترین ئەو دەسەڵاتانەی، کە کۆمەڵگا بەهەموو کایەکانییەوە لەفۆرمێکی ترس و تۆقاندندا کۆ دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەڵاتە ئەگەر مافی کوشتن و سزادان بەخۆی رەوا نەبینێت ئەوا لەو حاڵەتە دەروونییە مەترسیدارەدا دەژی، کە نەتوانێت درێژە بەدەسەڵاتداریێتی خۆی بدات، بۆیە شەرعیەتی سزاو کوشتن لەوێوە وەردەگرێت.

کاتێك ستراتیژی دەسەڵات لەستراتیژی کارکردن بۆ بەرەو پێشبردن و هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەرێگای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانەوە لەگەڵ هێزەکانی تری ناو کۆمەڵگاوە دەگۆڕێت بۆ ستراتیژی ترساندن و تۆقاندن و سزا، ئەوا ماف و ئازادیەکانی کۆمەڵ نەك هەر زەوت دەکرێن بەڵکو خەونی ئازادیش دەبێتە وەهمێکی گەورە. لەڕوویەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتە لەرێگای سزا لەسەر جەستەوە درێژە بەدەسەڵاتداریێتی خۆی دەدات و بەردەوام لەبەرهەمهێنانەوەی فۆرمی ترس و تۆقاندایە تەنها بۆ تێکشکاندن، وێرانکردن و زەوتکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانی کۆمەڵ نییە ئەوەندەی بەرهەمهێنانەوەی ئەو وێنە دزێوانەیە لەیادەوەری کۆمەڵدا، لەبەر ئەوەی بونیادەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ لەڕابردوودا چەق ببەستن و هیچ ماناو قسە کردنێك نەمێننەوە بۆ ئایندە، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە ئەو کۆمەڵگانەی لەسەر یادەوەری دەژین و یادەورییەکانیشیان بریتییە لەکۆمەڵێك فۆرم و وێنەی ترس و تۆقێنەر بەردەوام لەخۆ دووبارە کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕیدا بژین. شێوازە تەکنیکێکی تری دەسەڵاتی ترس و تۆقاندن مۆنۆپۆلیزەکردنی ئابوورییە وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵگا. دەسەڵات کاتێك ناتوانێت جیهانی ئایدۆلۆژیی خۆی بکاتە جیهانی ئایدۆلۆژی هەموو هێزە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگا، ئەوا سەرچاوەی ژیانی خەڵك، کە ئابوورییە مۆنۆپۆلیزە دەکات، ئەڵبەتە مۆنۆپۆلیزەکردن بۆ خۆی پرۆسێسێکە لەدەرەوەی بلۆکی مێژوویی، کە حزب لەناو دەسەڵاتەوە پیادەی دەکات بۆ سەندنەوەی هەموو دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ترو خستنە ژێر رکێفی خۆیەوە، یا لەباشترین حاڵەتدا ناچاریان بکات سەربەخۆییەکانیان لەدەست بدەن و ببن بە بەشێك لەستراتیژو سیاسەتی حیزب، بەم پێیەش ئیتر هیچ تێگەیشتن و لێکدانەوەیەك ناتوانێت لەدەرەوەی بیرکردنەوەی حیزبەوە بێتە ئاراوە، چونکە حیزب بۆ خۆی دەبێتە قسەکەرو بڕیاردەر بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، بەم پێیەش زمانی هێزو وزەکانی ناو کایە جیاکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێن بۆ زمان و بیرکردنەوەی حیزب واتە جەستەی هەموو هێزو ووزە چالاکەکانی ناو کۆمەڵگا لەجەستەی حیزبدا بەرجەستە دەبنەوە، ئەم بەرجەستە بوونەوە ئاوێتەیەك لەنێوان حیزب و کۆمەڵگادا دروست دەکات تا ئەو ئەندازەی نەتوانرێت حیزب لەکۆمەڵگاو کۆمەڵگا لەحیزب جیا بکرێتەوە، هەر بۆیە ئەو

کۆمەڵگانە لەغیابی حیزبدا هەست بەمەترسییەکی گەورە دەکەن، چونکە حیزب لەرێگای مۆنۆپۆلیزەکردنەوە هەموو کایەکانی تری تێکشکاندووە یا لەو شێوە خۆ وویستییەدا رەنگرێژیکردوونەتەوە، تا بەئاسانی خۆی داهێڵێتە ناو ژیانی کۆمەڵگاوە. خۆ داهێلآنە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا جۆرێکە لەهاو واتایی سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو هێزو ووزانەی بەشێوەیەکی مەعریفیانە خوازیاری بەرهەمهێنانەوەی شێوەیەك لەشێوەکانی مەعریفەو رۆشنبیریین لەدەرەوەی ستراتیژو ئایدۆلۆژیای دەسەلآت.

ئێمە وەك کورد لەعێراقدا لەژێر دەستی رژێمی فاشی بەعسدا ئەزموونێکی زۆر ترسناکمان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو دەسەلآتە رەشە چەندین وێنەی ترس و تۆقاندنی لەیادەوەری هەر تاکێکماندا دروستکردووەو بەردەوام ئێمەش لەگەڵیدا دەژین، هەر لەکیمیابارانی هەڵەبجەوە بگرە تا ئەنفال و زیندانە تۆقێنەرەکانی. دەسەلآتی بەعس وەك ئەو دەسەلآتەی لەسەر سزای جەستە کاری دەکرد بۆ گۆرینی فۆرمەکانی ژیان بەمەرگ، شێوازێك بوو لەو شێوازانەی بەردەوام ترس و تۆقاندنی لەسایکۆلۆژییەتی هەر تاکێکی ئێمەدا بەرهەم دەهێنا تا ئەو ئاستەی مرۆڤ هەستی دەکرد جیاوازییەك لەناو ماڵ و شوێنی ژیاندا لەگەڵ هیچ یەکێك لەدەزگا سەرکوتکەرو تۆقاندن و بەندیخانەکاندا نییە، ئەمەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی، کە بەعس لەبری بەهێزکردنی کایەکان، بەپێچەوانەوە کایەکانی تێکدەشکاند بۆ بەدەزگاییکردنیان. ئەم فۆرمی کارکردنی بەعس بۆ بەدەزگاییکردنی هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگا بەشێوەیەك لەو شێوانەی وێنەیەکی ترس و تۆقاندنیان پێبدات، واتە ستراتیژی سەرەکی بەعس ستراتیژێکی تا سەر ئێسقان تێکشکێنەر بوو بۆ فۆرمولەکردنی جەستەی هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگا لەناو جەستەی حیزبی بەعسدا (کە جەستەی حیزبیش بۆ خۆی لەناو جەستەی دکتاتۆرێکی خوێنرێژی وەك سەددام حوسەیندا بەرجەستە بوو بوو) ، بۆ ئەوەی نەدەنگێکی جیاواز نە بیرکردنەوەیەکی جیاواز لەدەرەوەی دەنگ و بیرکردنەوەی حیزبدا بوونی نەمێنێت هەتا بتوانێت کۆمەڵگایەکی چەپێنراو بێدەنگکراو بۆ درێژەدان بەدەسەلآتداریتی خۆی دروست بکات. دەسەلآتی بەعس بە تەنها وەك دەسەلآتێك ستراتیژی سزادانی جەستەو گۆرینی فۆرمەکانی ژیان بەمەرگ نەبوو، چونکە ئەگەر بەچەمکە (فۆکۆ) ییەکەی ئەو شێوازی کارکردنە بەشێوازێکی بەر لەمۆدێرنە لەقەڵەم بدەین ئاوا لەرێگای بەدەزگاییکردنی ناو کایەکانەوە وەك لەسەرەوە باسمکرد بەردەوام ستراتیژی بەشێوەی دەسەلآتی چاودێری، کە بەرهەمی مۆدێرنەیە خۆی نیشان دەدا واتە دەسەلآتی بەعس بۆ کپکردن و بێدەنگکردنی کۆمەڵگاو خەساندنی لەپێناو بەرژەوەندی مانەوەی خۆی لەسەر دەسەلآت لەرێگای سزای جەستەوە پەنای بۆ هەموو شێوازەکانی فۆرمی ترس و تۆقاندن دەبرد. شێوازی کارکردنی دەسەلآتی چاودێری ئەو تەکنیکە مۆدێرنەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگا لەرێگای دەزگاکانەوە بەرێوە دەبرێت. لێرەدا کاتێك قسە لەسەر دەسەلآتی چاودێری دەکەین دەبێت ئەو جیاوازییە کە لەنێوان دەسەلآتی مۆدێرنە لەرۆژئاوا لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم شێوازە لەلای بەعس رەچاو بکەین، چونکە دەسەلآتی مۆدێرنە لەرۆژئاوا زیاتر ئەم تەکنیکە بۆ بەرەمزکردنی دەسەلآت بەکاردەهێنێت هەتا جەستەی دەسەلآت وەك فیزیاوی بگۆرێت بۆ کۆمەڵێك رەمز، بەم شێوەیەش جەستەی فیزیاوی دەسەلآت خۆی لەناو رەمزەکاندا دەشارێتەوەو وندەبێت، بەلآم لای بەعس تەواو بەپێچەوانەوەو

قەت بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست جەستەی فیزیاوی دەسەلأت لەهیچ یەكێك لەناو كایە بەدەزگاویكراوەكاندا بشارێتەوە، بەڵكو هەمیشە لەهەموو دام و دەزگاكانیدا بوونی خۆی بەشێوەیەكی فیزیاوی نیشاندەدات، باشترین بەڵگەش هیچ جێگەو شوێنێك نەبوو یا نەمابوو بەبێ وێنەی سەددام حوسێن.

نیشاندان یا ئامادەبوونی وێنە/ وتەكانی سەددام لەناو هەر هەموو دەزگاكاندا ئەوەندەی پەیوەندی بەئامادەبوونی دەسەلأتەوە لەو شوێنانەدا، كە لەجەستەی سەرۆكدا بەرجەستە بوو بوو، ئەوەندە پەیوەندی بەو وتەوە نەبوو، كە خۆیان وەك رەمز بانگەشەیان بۆ دەكرد، لەرووییەكی تریشەوە جەستەی سەددام حوسێن، كەهەموو وزەو هێزەكانی ناو كایەكانی كۆمەڵگا لەناو حیزب و جەستەی حیزب لەئەودا بەرجەستە بوو بوو وێنەی خوداوەندێكی سزادەری وەرگرتبوو، ئەگەرچی وەك هەر خواكانی تر دەیخواست میهرەبانی خۆی نیشانبدات یا بانگەشەی میهرەبانی دەكرد. ئامادەبوونی وێنەی سەددام لەسەر لاپەڕەی یەكەمی كتێبەكانی قوتابخانە هەر لەقوتابخانەی سەرەتاییەوە هەتا بەرزترین پلەی بالأی خوێندن و لەهەموو پۆلەكانی قوتابخانە، دەزگاكان و تەنانەت لەكۆتایی هەشتاكاندا بەزۆرەملێ دەبوایە هەموو ماڵێك وێنەیەكی سەددام لەماڵەوە هەڵبواسێت پەیوەندی بەتێكشكاندنی سایكۆلۆژییەتی هەر تاكێكی ناو ئەو كۆمەڵگا بوو، چونكە ئەو پێشتر كۆمەڵێك فۆرمی ترس و تۆقاندنی لەیادەوەرییەكاندا بەجێهێشتبوو، جگە لەوەی بەردەوام فۆرمەكانیشی لەرێگای بانگهێشتكردنی خەڵك بۆ سەر لاشەی كوژراوەكان و بۆ بینینی ئەوانەی گولله باران دەكران زیندوو دەكردەوە هەتاكو یادەوەرییەكانی خەڵك بۆ بێدەنگكردن و سەركوتكردنیان پڕ بكات لەو وێنەو فۆرمە دزێوانە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە روونتر قسەی لەسەر بكەم بەعس بۆ ئیشكردن و شەرعیەتدان بەو تەكنیك و سیاسەتە دڕندانەی پشتی بەكۆمەڵە یاسایەك دەبەست، كە خۆیان گوتەنی (سەروەری نەتەوەیی و نیشتمانی) دەپارێزێت، هەر بۆیە هەر كەسێك مەترسی و زیانی بۆ سەر ئەو سەروەرییە هەبوایە دەبوایەت لەرێگای یاساكانەوە سزای خۆی وەربگرێت. دیارە ئەو یاسایانەی بەعس بریتی نەبوون لەكۆمەڵە یاسایەكی رەها، هەر بۆیە زۆر جاران لەگەڵ گۆڕینی تەكنیك وستراتیژی كاركردنە كانیدا بۆ سزادانی جەستە گۆڕانیان بەسەردا دەهات، ئەگەرچی هەندێك جار لەبۆنەكانی بەعس و بەتایبەتی سەددادامدا بۆ نوێكردنەوەو نیشاندانەوەی سەددام وەك خوداوەندێكی بەخشندەو میهرەبان بەخشینێكی گشتی (عفو العام) بۆ ئەوانەی بەسزای زیندانی هەتا هەتایی یاسێدارە سزا درابوون دەردەكرد، بۆ ئەوەی وێنەو فۆرمە تۆقێنەرەكانی بگۆڕێت بۆ كۆمەڵە وێنەو فۆرمێكی بەخشندەو میهرەبانی لەیادەوەری تاكەكانی ناو كۆمەڵگادا، ئەگەرچی نەیداتوانی بەهیچ شێوەیەك لەتۆتالیتارییەتی خۆی لەناو دەزگاكاندا بگۆڕێت بۆ شێوازێك، كە كایەكان توانای گەڕانەوەیان هەبێت بۆ ناو گەمەكانی خۆیان بەشێوەیەكی سەر بەستانە، بەو واتایەی لەدامەزراوی حیزبی بچنە دەرەوە.

یاساكانی بەعس ئەگەرچی وەك هەر یاسایەكی تر بریتی بوو لە یاسایی نووسراوەیی، بەلأم ئەمە بەس نەبوو بۆ بەعس هەتا لە رێگایانەوە كاری سیاسی خۆی بكات، بەڵكو زۆرجاران لەگەڵ مەزاج و پێویستییەكانی

خۆیاندا دەیانگۆڕی و دەستکاریان دەکرد، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی مێردمنداڵێکی تەمەن خوار هەژدە ساڵ دەکەوتە بەر سزای ڕەشیان ئەوا پەنایان بۆ گۆڕینی ناسنامەو ڕۆژی لەدایکبوونی دەبرد هەتاکو سزاکانیان شەرعیەتی خۆی وەربگرێت. ئەمانەو چەندەها نمونەی تری ئەو دەسەلاتە ڕەشە، کە بەردەوام لەبەرهەمهێنانەوەی فۆرمەکانی ترس و تۆقاندا بوو تا ئەو جێگایەی دەتوانم بڵێم: سزای جەستەی بەجێهێشتبوو بۆ سڕینەوەی بوونی کۆمەڵگای عێراقی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، کە نمونەی ئەنفال و هەڵەبجە دوو نمونەی نەك هەر زیندوون لەیادەوەری ئێمەدا بەڵکو لەڕێگای بەهەڵە بەکارهێنان یا ناشارەزایی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کوردییەکانەوە بەتایبەتیش تەلەفزیۆن خەریکە پانتایی یادەوەریی نەوەی نوێش داگیر دەکات. (لێرەدا مەبەستم لەنیشاندانی ئەو وێنە تۆقێنەرو ترسناکانەیە، کە لەساڵیادەکانی کارە ساتی ئەنفال و هەڵەبجەو چەندین ساڵیادی تراژیدیای تردا لەکەناڵە تەلەفزیۆنیەکانەوە نیشاندەدرێن، بە بێئەوەی پێشتر ئاگادارییەك بڵاوبکەنەوە، کە تەماشاوانان لەتەمەنی چەند ساڵییەوە بۆیان هەیە ببینن، نەك لەو کاتانەی، کە منداڵان لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا چاویان زاقەی دێت، کە بەرنامەیەکی دڵگیرو دڵخۆشکەریان پێشکەش بکەن) .

کاتێك ناوی هەڵەبجەو ئەنفال بەگوێی هەر یەکێك لەئێمە دەکەوێت، یەکسەر کۆمەڵێك فۆرم و وێنەی تا سەر ئێسقان ترسێنەرو تۆقێنەر بە بەرچاوانماندا دێت و دەچێت و لەهەنوکەوە دەمانباتەوە بۆ ڕابردوو، ئەو ڕابردووەی دەسەلاتی ڕەشی بەعس بۆ سەپاندنی تاقە دەنگی خۆی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی لەناوبردبوو/ دەبرد، ئەو ڕابردووەی دەسەلاتی فاشیزمی بەعس لەسەرەوەڕا هەموو کۆمەڵگای لەڕێگای کایە بەدەزگاویکراوەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سیاسی، کۆمەلایەتی و خۆ سەپاندن بەسەر کۆمەڵگادا ئۆرگانیزە کردبوو. ئەو ڕابردووەی، کە هەمیشە هەڕەشەی ئەگەری دووبارە بوونەوەی چەندین کارەسات و تراژیدیای ترمان لێدەکات، ئەو کارەسات و تراژیدییانەی دەمانکاتە قوربانی بێسەرو شوێن و بێناونیشان. ئەو ڕابردووەی نەفی بوونمان دەکات! .

لێرەدا پرسی کارەساتێکی گەورەتر ئەوەیە دوای یانزە ساڵ لەتێکشکاندن و وێرانکردنی ئەو دەزگا سەرکوتکەرو تۆقێنەرانە، هێشتا ئێمە لەهەمان ئەزموونڈا دەژین! واتە ڕاستە بەعس وەك جەستە لەکوردستاندا نەماوە، بەلام هێشتا ئێمە سێبەرەکەی دەبینین، ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە دەسەلاتە کوردییەکان هاوشێوەی ئەو دەسەلاتە ڕەشەن، بەڵکو بەپێچەوانەوەو بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەراورد لەنێوانیاندا بکرێت، ئەمەش مانای ئەوە نییە لەبەر ئەوەی دەسەلاتی کوردین و خاوەن حکومەت و پەرلەمانی کوردین، کە خەونی هەر تاکێکی ئێمەیەو شانازی پێوە دەکەین لەدیاردەو سیاسەتە دزێوەکان بێدەنگ بین.

دوای یانزە ساڵ و لەسایەی ڕاپەڕینی گەلی کوردەوە لەباشووری کوردستان حیزبەکان لەخەباتی شاخەوە گۆڕان بۆ دەسەلاتی ناوشارو هەڵبژاردنی ئازادانەو دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەرچی تەمەن کورت بوو بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دڵخۆشکەربوو، چونکە ئێمەی بەجیهانێکی نوێ ئاشناکرد، جیهانێك هەر

تاکیکی ئێمە بیتوانیبا ماف و ئازادییەکانی خۆی تیا بەدەست بهێنێت (ئەگەرچی تاڕادەیەك ئەو ماف و ئازادییە هەست پێدەکرێت) .

دیارە ئەوەی گرنگ و جێگای بایەخە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین، ئەو یاسایانەیە، کە وەك ئەزمونی حیزبی بەعس لەهەردوو دەسەڵاتی هەولێرو سلێمانی کاری پێدەکرێت، ئەو یاسایانەی هەتا پێش ڕاپەڕین و ئێستاش ئەندام و لایەنگیرانی ئەو دوو دەسەڵاتەی پێ سزا دەدرا/ دەدرێت. ئەو یاسایانەی ڕێگای بەهیچ دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز لەدەرەوەی حیزبی بەعسەوە نەدەداو هەموو دەنگ و ڕەنگێکی لەدەرەوەی خۆیەوە کپ و بێدەنگ کردبوو/ دەکرد، واتە کۆمەڵ یاسایەك ئەوەندەی لەسەر بناغەی سزا، سەرکوتکردن و بێدەنگکردن داڕێژرا بوو لەسەر بناغەکانی دادوەری دانەڕێژرابوون. حیزبی بەعس وەك دەسەڵاتێکی ڕەشی تا سەر ئێسقان تۆقێنەر یاساکانی وەك میتۆدێکی کارکردن بۆ خۆ سەپاندنی تاکە دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگادا بەکاردەهێنا بۆ لەناوبردن و کوشتنی هەموو هێزو وزە چالاکەکانی تر لەدەرەوەی خۆی، کە بەرژەوەندی کۆمەڵگایان لەسەروی بەرژەوەندی حیزبەوە دەبینی، کەچی دەسەڵاتە کوردییەکان نەك هەر ئەم یاسایانەیان لەبناغەوە هەڵنەوەشاندەوە تا بەشێوەیەکی نوێ، (ئەگەرچی بەرژەوەندی حیزبی خۆشیان بپارێزێت) دایبڕێژنەوە، ڕێك و ڕاست بوون بە بەشێك لەدرێژکردنەوەی ئەو یاسایانە لەکوردستاندا، واتە دەسەڵاتێکی کوردی بەڵام یاسایەکی بەعسی! . کاتێك دەڵێم یاسایەکی بەعسی واتە ئەزمونی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرو تۆقێنەر لەناو دەسەڵاتێکدا، کە خوازیاری پراکتیزەکردنی دیموکراسییە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، ئەمەش ئەو دوانە لێکدژەیە، کە هەمیشە ڕووبەڕووی پرسیارو ڕەخنەمان لەو دەسەڵاتانە (واتە دەسەڵاتی هەولێرو سلێمانی) دەکاتەوە.

لەهیچ جێگایەکی دونیادا نمونەیەکی وەك ئەمڕۆی کوردستانمان بۆ نادۆزرێتەوە، لەکاتێکدا ستراتیژی حیزبی دەسەڵاتدارو وەك لە کەناڵەکانەوە گوێمان لێدەبێت، ستراتیژێکە کار بۆ بەدیموکراتیزەکردنی خودی دەسەڵاتەکەی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەکات، کەچی ئەو یاسایانە کاری پێدەکات، بریتین لەیاساگەلێك بەهەموو مانایەك دژی ئەو ستراتیژەیە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی، کە هەتا کار بەو یاساگەلانە بکرێت خەونی ئازادی و دیموکراسین هەمان خەون بێت لەسەردەمی بەعس دا هەمان بوو، لەلایەکی تریشەوە کاتێك دەسەڵاتەکان خوازیاری سیستەمێکی دیموکراسین و لەهەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشەی بۆ دەکەن، کەچی هێشتا لەسەر وتارێك نووسەر، ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوانێك بەپێی ئەو یاسا سەرکوتکەرو تۆقێنەرانە ڕاپێچی دادگاکان دەکەن. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حیزبی بەعس ئەو یاسایانەی لەپێناو (بەرژەوەندی و سەروەری نیشتمان و نەتەوەیی) دا داناوە، ئەی دەسەڵاتە کوردییەکان لەپێناو کام بەرژەوەندیو سەروەریدا کاری پێدەکەن؟!.

Heidelberg 2002

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.